# رۆژنامەنووسی دونیای ئازادی


**نەجات رۆستی**

najatrosty@yhoo.com




بەرلەدەستپێکردنی وانە، مشتومڕێکی بەردەوام لە نێوان ئەو چوار کچەدا هەبوو کە لە سوچی هۆڵەکەوە لە بەرامبەر یەکتر وەستا بوون، هەمیشە دەیانوت کە "دایکیان زۆر پێیانناخۆشە کە ناوی لە بەشی رۆژنامەنوسی هاتۆتەوە، حەز ناکات لێرە دەوام بکەم، هەرچەندە حەز بەکاری رۆژنامەنوسی دەکەم، بەلاّم ئەو کچانەی لە بواری راگەیاندن کار دەکەن ئازادییەکی تەواویان هەیە، چونکە بە هۆی کارەکەیانەوە دەچنە دەرەوەو هەموو سوچێکی ئەم شارە دەگەڕێن و زۆرجاریش دەرەوەی شارو تەنانەت ولاّتانی دنیاش دەگەڕێن". ئەم تێڕوانینەی دایکان لەگەڵ خودی حەزی کچەکاندا جیاواز بوو، چونکە کچەش لەناخی خۆیدا دەیوت چ لەوە خۆشتر هەیە کە خۆت بڕیاردەری ژیانی رۆژانەو تەنانەت داهاتووت بیت، ئەوانەی ئەو کارە دەکەن لە ناو خەڵکیدا ناوبانگی باش دەردەکەن و دەبنە کەسێتییەکی مەعنەوی، بەچاوی ڕێزەوە تێیاندەنۆڕن. چەندە خۆشە ئەو کچە بێژەرەکەی تەلەفزیۆنە یاخود بڵێن رۆژنامەنوسەکەی فلاّن رۆژنامەیە، لە دونیا لەوە خۆشتر هەیە کە تێکەڵاوی ئەو خەڵکانە بیت کە کێشەی بەردەوامیان هەیەو بوونەتە سوتەمەنی داب ونەریتە کۆنەکانی کوردەواری و تۆ دەتوانی ببیتە گەیەنەری موعاناتەکانیان تاوەکو نەوەکانی ئێستا پەندی لێوەربگرن، پێموایە گەورەترین خزمەت بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵگاکەی خۆت دەکەیت، چونکە هەست دەکەیت تۆ بویتە هەوێنی ناڵینی تاکەکانی کۆمەڵگا.

ئەو چەند پەیڤەی سەرەوە، وتەی کچێکی تازەوەرگیراوی بەشی رۆژنامەنوسییە کە لەگەڵ هاوڕێکانی دەیکرد، هەرچەندە ئەوانیتر لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی هاوڕا نەبوون، چونکە ئەوانیتر پێیانوابوو کە پیشەی مامۆستا گونجاوترین کارە بۆ کچان لەبەرئەوەی لە ساڵێکدا (3) مانگ لەماڵەوە پشوو دەبیت. دایکیشیان زۆر دڵیان پێیانخۆش دەبێ.

ئەم چەند وتەیەی کە باسی لێوەکرا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کچان لەبەرئەوەی باوەڕیان بەخۆیان نییەو هەمیشە ئەو قسانەی دایکیان وەك پیرۆز سەیر دەکەن کە نابێ لـێی لابدەن، هەموو خواستەکان بۆ ئەوان خواستی کچەکانیش بۆ ئاسمان.

– گۆشەیەکی رۆژنامەنوسیە هەفتانەبۆ هەفتە نامەی ژیانەوە دەنوسرێ